# مێژووی گوندنشینی

## زەوی وەک بەڵگەنامە و یادەوەری وەک ئەرشیف

## (هەوڵدانێک بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵی کوردەواریی لە دیدی مارک بلۆخدا)

د. کامەران محەمەد

زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی فەلسەفە و توێژینەوە کلتوورییەکان




٣ی ئەیلولی ٢٠٢٦ توێژینەوە

**پوختەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ دووبارە خوێندنەوەی مێژووی کۆمەڵی کوردەواری بە میتۆدی مێژوونووسی فەڕەنسی (مارک بلۆخ 1886-1944). توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە مێژووی کورد، لە جەوهەری خۆیدا، مێژوویەکی (گوندنشینیی ماوەدرێژە) نەک مێژووی دامەزراوە سیاسییەکان. ئەویش بە بەکارهێنانی چەمکەکانی وەک (سیمانتیکای زەوی) و (فیسیۆلۆجیای کۆمەڵ)، کە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە زەوی بەڵگەنامەیەکی مێژوویی و ئەرشیفێکی زیندووی یادەوەرییە. دەرەنجامەکان

ئاماژە بەوە دەدەن کە زمانی کوردی و دابونەریتە کشتوکاڵییەکان، قووڵترین کایەن کە تێیدا شـــوناســـی کوردی لە بەرانبەر کاتی خێرای دەوڵەت و مۆدێرنێتەدا پارێزگاری لە خۆی کردووە.

**کلیلە وشـــەکان:** مێژووی گوندنشـــینی، مارک بلۆخ، کۆمەڵی کوردەواری، ماوەدرێژ (Longue duree)، سیمانتیکای زەوی، یادەوەریی بەکۆمەڵ.

**پێشەکی:**

مێژوونووسـین لەگەڵ قوتابخانەی ئانالیزی فەرەنســی لە گێڕانەوەی ژیانی پاشـاکانەوە بەرەو نووســـینەوەی مێژووی (مرۆڤە پەراوێزخراوەکان) گۆڕا، لەم وەرچەرخانەدا (مارک بلۆخ) وەک مێژوونووسـێکی گەورە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا کە مێژووی لە کۆشـکەکانەوە بۆ کێڵگەکان گواســتەوە. گرنگی مێژووی گوندنشــینی لەوەدایە کە ڕیتمە هێواش و قووڵەکانی ژیارمان بۆ دەردەخات، ئەوەی بلۆخ پێی دەوت (فیسیۆلۆجیای کۆمەڵ).

بۆ گەلی کوردیش، کە مێژووەکەی هەمیشە لە دەرەوەی لۆجیکی دەوڵەت و لەناو قوڵاییی چیا و گوندەکاندا دروست بووە، مێژووی گوندنشینی ستراتیجییەکی مانەوە بووە. لەکاتێکدا دەوڵەتە داگیرکەرەکان خەریکی ســڕینەوەی شـوێنەوارە سـیاسـییەکان بوون، گوند وەک قەڵایەکی مەعریفی، (یادەوەریی میللی) دەپاراست.

ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا بەکار هاتووە، فرە میتۆدییە، کە تێیدا مێژوو ئاوێتەی ســـۆســـیۆلۆجیا و جوگرافیا و زمان دەبێت. ئێمە لێرەدا (زەوی وەک دەق) و (زمان وەک ئەرشـــیف) بۆ هەڵکۆڵینی ئەو مێژووەی کە لە بێدەنگیی کێڵگەکاندا نووســـراوەتەوە، بەکار دێنین.

## له کۆشکەوە بەرەو کێڵگە

له مێژووی نوێدا، زۆر به کەمی مێژوونووسێک دەدۆزینەوە، وەک مارک بلۆخ توانیبێتی (هەستی کۆمەڵناسی) و (ئەندێشەی مێژوویی) پێکەوە کۆ کردبێتەوە، که مێژووی گوندی نەک تەنها وەک بەشێکی پشتگوێخراو له گێڕانەوەی مرۆڤایەتیدا، بەڵکوو وەک دەروازەیەکی نهێنی بۆ تێگەیشتن له ڕۆحی ژیارەکان بینیبێت. له کاتێکدا مێژوونووسانی سەدەی نۆزدەهەم سەرگەرمی نووسینەوەی مێژووی جەنگ و تەخت و تاج بوون، بلۆخ سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی زەوی و گوند و جووتیار و پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خاک و کات بوو، ئەو جەختی لەوە دەکردەوە، که مێژووی ڕاستەقینه له کێڵگەکاندا دەنووسرێتەوە نەک له کۆشکەکاندا و (جووتیار هەڵگری مێژووی ماوەدرێژە)، وەک له پێشەکیی کتێبی (مێژووی گوندنشینیی فەرەنسا: لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی)دا ئاماژەی پێ کردووه[1].

سوزان فرایدمان Susan W. Friedman له شاکارەکەیدا دەربارەی مارک بلۆخ ئاماژە بەوە دەدات، کە تێڕوانینی بلۆخ بۆ مێژوو له دوای جەنگ، تێڕوانینێکی ڕەخنەیی بوو بەرامبەر بە جوگرافیای کلاسیک. بلۆخ چیتر وەک پەیڕەوکەرێکی سادە نەدەدوا، بەڵکوو وەک ڕەخنەگرێک دەرکەوت، که پێی وابوو جوگرافیا دەبێت له خزمەت (توێژینەوەیەکی فره- پسپۆڕی)دا بێت[2].

لێرەوە بلۆخ سەرلەنوێ واتای (گوندنشینی) پێناسە کردەوە، نەک وەک پانتاییەکی جیوگرافی، بەڵکوو وەک (سیستمێکی هزری و کەلتووریی خاوەن ڕیتمێکی هێواش)، که گۆڕانکارییەکانی به سەدە نەک به دەیەکان دەپێورێن. لەمەوە تێڕوانینی ئەو بۆ ئەوەی دواتر لەلایەن فێرنان برۆدێلەوە ناونرا (مێژووی ماوەدرێژ longue durée)[3] لەدایک بوو، واته

مێژوویەک کە ســــەردەمەکان لە ڕێگەی بەردەوامیی بونیادەکانەوە نەک لە ڕێگەی گۆڕانی ڕووداوە ڕاگوزەرییەکانەوە دەخوێنێتەوە.

بەمەش بەلای بلۆخەوە (گوندنشــــینی) بۆ (**تاقیگەیەکی تێگەیشــــتن لە مرۆڤ**) لەمیانەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ زەوی و دەســــەڵات و کاتدا گۆڕا. مێژووی گوندنشــــینی لەلای ئەو، زانســــتێک بوو دەربارەی تایبەتمەندییەکانی (بەردەوامی) و فەلســــەفەیەک لە یادەوەریدا و گەڕانێک بە ناو ئەوەی کە (چۆن ڕابردوو لە خاک و زمان و نەریتەکاندا بەزیندوویی دەمێنێتەوە).[4]

کاتێک ئەم بیرۆکەیە، بەســــەر کۆمەڵی کوردەواری جێبەجێ دەکەین، تێڕوانینێکی نوێمان بۆ تێگەیشتن لە دیاردەیەکی بێوینە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا پێدەبەخشێت، گەلێک لە دڵی جوگرافیای ســــیاســــیدا دەژیت، بەڵام لە دەرەوەی لۆجیکی دەوڵەتە، بە زەویدا ڕۆچووە، چیایی[5]، کشــــتوکاڵی، شــــوانکارە، نەریتەکانی گوند بەڕێوەی دەبەن، زیاتر لەوەی دامەزراوەکانی شــــار حوکمی بکەن. چونکە کۆمەڵی کوردەواری زیاتر گوندنشــــینی بووە، تەنانەت لە ســــاڵی 1985دا کە زیاتر لەنیو ســــەدە دەوڵەت نەتەوە دامەزرابوو و ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەســەردا دابەش کرابوو، سیاسەتی سڕینەوە و ڕاگواستن و سووتان و ڕوخانی گوندەکانی کوردستانیان پەیرەو دەکرد، بەڵام هێشتا ڕێژەی گوندنشینی 54،8% بوو. ئەم ڕێژەیەش لەچاو ڕێژەی وڵاتەکانی ڕۆژئاوای ئاسیادا وەکوو (تورکیا % 46،3) و (ئێران 48،2%) و (عێراق 29،8%) و (سوریا 48،2%) زیاتر بوو[6]. بۆیە **مێژووی کورد، لە ناوەڕۆکدا، مێژووی شــــار و دامەزراوە ســــیاســــییەکان نییە، بەڵکوو مێژووی گوندنشینییەکی ماوەدرێژە، کە سەرەڕای چەوسانەوە و دابەشبوون بەردەوام بووە، چونکە بونیادی گوندنشینی تێیدا لە هەموو سنوورێکی دەستکرد بەهێزتر بووە.**

بەو مانایە، دەکرێت بگوترێت بلۆخ تەنها دەربارەی مێژووی ئەورووپا یان فەڕەنســــا نەینووســــیوە، بەڵکوو دەربارەی هەموو کۆمەڵگەیەک دواوە، کە لە (ڕیتمی زەوی) نەک لە

(ڕیتمی بازاڕ)دا ژیاوە و هەموو ئەو گەلانەش سەرنجی ڕاکێشاوە، کە هێشتا کاتەکەی بە ئەندازەیەک هێواشە، کە پێی بگوترێت (گوندنشینیی).

**دۆزینەوەی فیسیۆلۆجیای کۆمەڵ لە ناو زەویدا**

سوزان فرایدمان ئاماژە بە یەکێک لە قووڵترین ڕەخنەکانی بلۆخ بەرامبەر بە جوگرافیناسە هاوچەرخەکانی (وەک ڤیدال دی لابلاش) دەکات. بلۆخ پێی وابوو ئەو جوگرافیایەی تەنها باس لە (هێڵە سنوورییەکان) دەکات، (ئێسکە پەیکەرێکی بێ گیان) نیشان دەدات، نەک (گۆشت و خوێنێکی زیندوو)[7]. ئەم خوازە بلۆخییە کلیلێکە بۆ تێگەیشتن لە مێژووی گوندنشینی کوردستان. **مێژووی کورد ئەگەر تەنها وەک مێژووی (سنوورە سیاسییەکان) بخوێندرێتەوە، دەبێتە مێژوویەکی مردوو، بەڵام ئەگەر وەک (فیسیۆلۆجیای کۆمەڵ) لە ناو کێڵگە و زەوییەکاندا ببینرێت، ئەوا دەگەینە ناوەڕۆکی ژیارە کوردییەکە.**

لە تێڕوانینی بلۆخدا، لادێ بێدەنگ نییە، بەڵکوو جووڵەیەکی هێواشە، جووڵەیەک هاوشێوەی هەناسەدانی زەوی. ئەو جووتیارەی کێڵگەکەی دەکێڵێت، نەک ڕابردوو دووبارە ناکاتەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی نوێ دەینووسێتەوە. لە ڕێگەی ئەم سووڕە بەردەوامەی کێڵان و چاندن و دروێنەکردنەوە، گوند مێژووی تایبەت بە خۆی دروست دەکات، مێژوویەک بەبێ پاشا و داگیرکردن، بەڵام حوکمی یاساکانی سروشت و زستان و وشکەساڵی و بەپیتی و برسێتی دەیگرێتەوە.

بلۆخ لە هەردوو بەرگی کتێبی (کۆمەڵگەی دەرەبەگێتی Feudal Society)دا باس لەوە دەکات کە جووتیاران (بابەتی مێژوو) نین، بەڵکوو (دروستکەرە بێدەنگەکان)ین، چونکە ئەوان لە بێدەنگیی خۆیاندا ئەوە دەپارێزن کە پاشاکان لەبیری دەکەن[8]. واتە گوند لە

نـاوەڕۆکـدا، ئەو یـادەوەرییـەیـە کە بەرگەی لەبیرچوونەوە دەگرێـت و هەموو کێڵگەیەک بەڵگەنامەیەکە و هەموو نەریتێکی کشتوکاڵی ئەرشیفێکی مرۆیی کراوەیە.

لەم سۆنگەیەوە، گوندی کوردەواریش بێدەنگ نییە، بەڵکوو جووڵەیەکی هێواشە. واتە ئەو جوتیارەی کێڵگەکەی دەکێڵێت، بە شـــێوەیەکی مۆرفۆلۆجیش مێژوو دەنووســـێتەوە. ئەم (خاوی بونیادی)یە ئەوەیە کە قووڵایی بە گوند دەبەخشـێت. ئەوە ئەو شـوێنەیە کە بەرگەی مۆدێرنێتە دەگرێت، نەک بە هۆشیارییەکی سیاسییەوە، بەڵکوو بە سروشتی ڕیتمەکەیەوە.

بلۆخ جیاوازیی لەنێوان مێژووی شـــارەکان و مێژووی گوندەکاندا دەکات، وەک چۆن پزیشک جیاوازیی لەنێوان دوو لێدانی دڵدا دەکات، شار لە کاتی کورت، خێرا، پڕ لە ڕووداودا و گوند لە کاتێکی هێواش، خولگەیی، دووبارەبووەوەدا دەژی[9].

لەبەر ئەوە، مێژووی گوندنشینی شیکردنەوەیەکە بۆ شێوازەکانی ژیان کە لە کشتوکاڵەوە ســـەرچاوە دەگرن، وەک شـــێوازی خاوەندارێتی، خزمایەتی، ســـرووتەکان، نەریتەکان، پەیوەندیی مرۆڤ بە مردن و ئاســـمانەوە. بەو واتایە گوند تاقیگەی مرۆڤە لە پەیوەندیدا بە نەمرێتییەوە، چونکە هەموو وەرزی کشـــتوکاڵ دووبارەبوونەوەی بەدیهێنانی یەکەمە، مردن و زیندووبوونەوە، کێڵان و لەدایکبوون. لەمەوە (بیروباوەڕ) لە ژیانی گوندەکاندا ســـەرچاوە دەگرێت، کە بلۆخ ئـامـاژەی پێ کردووە، لەوێ مرۆڤ لە هـەوڵدانێکی بەردەوامـدایە لەگەڵ هێزەکانی سروشت، بەڵام لە هەمان کاتدا لە هاوئاهەنگییەکی ڕۆحیدایە لەگەڵیاندا.

لەو تێڕوانینەدا مێژووی گوندنشـینی دەبێتە فەلسـەفەیەک لە کاتدا، ئەو بەدوای پاڵەوان و ڕووداودا ناگەڕێت، بەڵکوو بەدوای شـــێواز و بونیاددا وێڵ دەبێت. ئەوە مێژووی مرۆڤی ئاســـاییە، کە کتێبەکان باســـی ناکەن، بەڵام لە بێدەنگیی خۆیدا ناوەڕۆکی ژیارەکان پێک دەهێنن. لەبەر ئەم هۆکارە، بلۆخ لە وتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت: "مێژوو گێڕانەوەی ڕابردوو نییە، بەڵکوو لێکۆڵینەوەی مرۆڤە لە کاتدا"[10].

**گوندنشینی کوردی وەک مێژوویەکی ماوەدرێژ**

ئەگەر هەوڵ بدەین مێژووی کۆمەڵی کوردەواری بەم چاوەوە بخوێنینەوە، دەبینین کە تێڕوانینەکانی بلۆخ کلیلێکی ناوازەمان بۆ تێگەیشتن و کردنەوەی دەرگاکان پێدەدات. ئاشکرایە کورد بە درێژاییی سەردەمێکی دوورودرێژ، لە نێو چیا و پێدەشت و زەوییە کشتوکاڵییە دابڕاوەکاندا ژیاون، وەک مارتین ڤان برونەسن باس لە هەڵکەوتەی گوندی کوردی دەکات و چەندین نموونە دێنێتەوە و دەڵێت:" لەنێوچەی باڵەکایەتیش (باکووری خۆرهەڵاتی عێراق) هەر ئاوەهایە. تیرە گچکەکەی سەکر، کە لە دۆڵێکی تەنگی لقی چۆمێکی باڵەکدا دەژیت، لە بنەچەدا تەنها گوندێک بووە. کە خەڵکەکەی زۆربوون، پەلێکی لێبووەتەوە و لە شوێنێکی هەورازتری دۆڵەکەدا گوندێکی نوێیان بنیاتناوە، پاش کەرتبوونێکی دی، بە دۆڵەکەدا هەڵکشاون و باڵاتر سێیەم گوندیان ئاوەدان کردۆتەوە"[11]. ئەمەش گوندەکانیانی کردووە بە یەکەی نیمچە – خۆبژێنی و پشتیان بە هاوکاریی خێزانی و عەشیرەتی و هەرەوەزی بەستووە و نەوە دوای نەوە بەوشێوەیە خۆیان نوێ کردووەتەوە.

ئەم بەردەوامییە بوونیادییە ئەوەیە کە لە هەردوو کتێبەکەی بلۆخدا (کۆمەڵگەی دەرەبەگێتی و مێژووی گوندنشینیی فەرەنسا) بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگی داوەتەوە. هەر ئەوەی فێرنان برۆدێل بە ماوەدرێژ (longue durée) ناوی برد، لەوێ فەرمانڕەواکان دەگۆڕێن و گوندەکان دەمێننەوە و دەوڵەتەکان دەڕوخێن و نەریتەکان جێگیرتر دەبن[12].

لێرەوە دەتوانین بڵێین **کورد بەشێوەیەکی گشتی لە (مێژووی دەوڵەت)دا نەژیاوە، بەڵکوو زیاتر لە (مێژووی گوند)دا ژیاوە، مێژوویەک لەسەر بنەمای دووبارەبوونەوە زیاتر لە گۆڕان و لەسەر بنەمای زارەکی زیاتر لە نووسین و لەسەر بنەمای یادگە زیاتر لە بەڵگەنامە.**

بۆیە گوندی کوردی ســــەرەڕای پانتاییە جوگرافییەکەی، پێکهاتەیەکی هزری، عەقڵێکی بەکۆمەڵە کە زیاتر بە نەریت و ئەفســـانە دەژی نەک بە یاســـا. لەو ســـرووتانەدا، ئەوە دەردەکەوێت کە بلۆخ ناوی دەنا (هۆشـــیاریی ئەفســـانەییی گوند)، واتە توانای مرۆڤی گوندنشـــین بۆ گۆڕینی کاری ڕۆژانە بۆ ڕێوڕەســـمێکی ســـیمبوولی خاوەن واتایەکی گەردوونی.

**ئایین و داستان وەک چێوەی مێژووی گوندنشینی:**

بلۆخ دەڵێت لە کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیدا، ئایین کاریگەرییەکی بنەڕەتی لە هاندانی خەڵک بۆ بایەخدان بە ڕابردوو هەبوو، چونکە کتێبە پیرۆزەکان خۆیان کتێبی مێژوویین[13]. لە گوندی کوردیشـــدا، مێژوو لە ڕێگەی (حوجرە) و (تەکیە)وە دەگوازرایەوە. مێژووی گوندنشـــینیی کورد مێژوویەکی (پیرۆزکراو)ە، کاتێک جوتیارێک باسی ڕابردووی دەکات، پەنا بۆ چیرۆکی هاوەڵان و ئەولیا و پیاوچاکان دەبات. لێرەدا، مێژوو وەک (ئاکار) دەردەکەوێت نەک (زانســـت). ڕابردوو لای گوندنشـــینیی کورد، وەک بلۆخ ئاماژەی بۆ دەکات، ئامرازێکە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو گەشـــبینییە کاتییەی کە تەنیا لە ئێســـتا دەڕوانێت، بۆیە مرۆڤی گوند لە ڕێگەی ڕابردووەوە خۆی لە ناو گەردووندا پێناسە دەکاتەوە[14].

هەروەها بلۆخ باس لەوە دەکات کە مرۆڤی ناو گوند، بەهۆی ڕێزی زۆری بۆ ڕابردوو، دەستی بە (دووبارە بونیادنانەوەی ڕابردوو بەو شێوەیەی کە دەبوو هەبێت) دەکرد[15]. ئەمە لە مێژووی کورددا ڕیشەدارە. ئێمە زۆرجار ڕابردوومان بەشێوەیەک (سەوز) کردووەتەوە هەتا لەگەڵ برینەکانی ئێستاماندا بگونجێت. گوندنشینیی کورد، کاتێک چیرۆکی شکۆمەندیی باوباپیرانی دەگێڕێتەوە، خەریکی (ســـاختەکردنێکی پیرۆز Pious Forgery)ە، ئەو نایەوێت ڕاستییە ڕووتەکان بڵێت، بەڵکوو دەیەوێت (حەقیقەتێکی ئاکاری) بونیاد بنێت، کە لە

بەرانبەر داگیرکەردا بەرگری لە شـــوناســـەکەی بکات. وەک بلۆخ دەڵێت:"هەر پێنووســـێک دەتوانێت هەر شـــتێک بگێڕێتەوە"[16]، بەڵام لە ژینگەی گوندی کوردیدا، (زمان – گێڕانەوەی زارەکی) ئەو ڕۆڵەی بینیوە.

دواتر بلۆخ ئاماژە بە (داســـتانەکان Epic Tales) وەک کتێبی مێژووی ئەو کەســـانەی ناتوانن بخوێننەوە بەڵام حەزیان لە گوێگرتنە دەکات[17]. ئەمە ڕێک وێنای ســـیســـتەمی (دەنگبێژی) و (حەیران) و (بەیتی کوردی) و... تادیە. لە گوندەکانی کوردســـتاندا، دەنگبێژ (ئەرشـــیف پارێز)ە. کاتێک گوندنشـــینێک گوێ لە بەیتی (دمدم)[18] دەگرێت، واتە خەریکی خوێندنەوەی مێژووە. لێرەدا (یادەوەریی میللی) دەبێتە جێگرەوەی (مێژوونووسینی فەرمی). ئەم داستانانە، وەک بلۆخ دەڵێت، باشترین پەنجەرەن بۆ تێگەیشتن لە بونیادی کۆمەڵایەتی و ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیەک.

بەم شـــێوەیە مێژووی گوندنشـــینیی کوردی، ڕێک ئەو جیهانەیە کە بلۆخ وەســـفی دەکات، جیهانێک کە تێیدا سنووری نێوان (واقیع) و (ئەفسانە) کاڵ دەبێتەوە. لێرەدا مێژوو ئامرازی (مانەوە)یە. وەک چۆن بلۆخ دەڵێت مێژوو بارۆمەتری ئاســـتی کەلتووری گشـــتییە، مێژووی گوندی کوردیش بارۆمەتری (بەرگری)یە. گەڕانەوەی ئێمە بۆ مێژوو، گەڕانەوە نییە بۆ ناو تەپوتۆزی کتێبەکان، بەڵکوو گەڕانەوەیە بۆ ناو ئەو (یادەوەرییە میللییە) زیندووەی کە هێشتا لەناو دەنگی دەنگبێژێک یان چیرۆکی پیرەمێردێکی گوندنشیندا هەناسە دەدات.

### سێمانتیکای زەوی: زمان وەک ئەرشیفی مێژوویی

یەکێک لە گەورەترین پشـــکدارییە میتۆدلۆژییەکانی مارک بلۆخ، هێنانی زمان بوو بۆ نێو بواری مێژووی کۆمەڵایەتی. ئەو پێی وابوو کە ناوی گوند و ڕووبار و چیاکان پاشـــماوەی

زمانە لەناوچووەکانن و ئەوانە (بەڵگەنامەی بێدەنگ)ن، کە شـــوێنەوار و مێژووی گەلە کۆنەکان دەپارێزن زیاتر لەوەی دەقەکان بیکەن[19].

ئەم تێڕوانینە دەتوانرێت بە ڕوونی لەسەر جوگرافیای کورد جێبەجێ بکرێت، زۆرینەی ناوی گوند و ناوچەکان لە کوردســـتاندا ڕیشـــەی مێژووییان هەیە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەردەوامییەکی کەلتووری کە هەزاران ســاڵ درێژ دەبێتەوە. بۆ نموونە، وشــەگەلێکی وەک پیرەمەگروون و هەورامان و کەنگاوەر و...تاد ڕیشـــەی زەردەشـــتییان هەیە، ئەوا ناوە عەرەبی و تورکی و فارسـییەکان کە لە ژمارە نایەن، چیرۆکی مێژوویی جۆراوجۆرمان بۆ دەگێڕنەوە. ئەوان لە بەهای مێژووییدا هاوشـــێوەی ئەوەن کە بلۆخ لە ناوەکانی کێڵگە کۆنەکانی فەڕەنسادا بەدوایدا دەگەڕا.

بلۆخ پێی وابوو کە (تەکنیکەکان وەک زمان وان، لە بنەڕەتدا شـــتی کۆمەڵایەتین)[20]. بۆیە ئەگەر لەم گۆشـەنیگایەوە لە وشــە و زاراوە و زمان ڕابمێنین، ئەوا مێژوویەکی شــاراوەی کوردەواری دەدۆزینەوە، کە لەناو کاری ڕۆژانەی گوندەوە بۆ ناو کایە ســـیاســـی و ڕۆشـــنبیری و زانســـتی و فیکرییەکان گواســـتراونەتەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی ئاماژەیان بۆ بکەین:

**میتۆدۆلۆژیای (توێژینەوە) و (شیکردنەوە)**

لە ڕووی میتۆدۆلۆژییەوە کاتێک بلۆخ باس لە (شیکردنەوە Analysis) دەکات[21]، مەبەستی وردبوونەوەیە لە بونیادە کۆمەڵایەتییەکان. لە زمانی کوردیدا، وشـــەی (شـــیکردنەوە) ڕیشـــەکەی بۆ (شـــیکردنەوەی تووک و مووی ئاژەڵ) دەگەڕێتەوە و تەنانەت وشـــەی (لێکدانەوە)ش لەوەوە هاتووە کە کاتێک ســەری دوو گوریس لەیەک دەدەیتەوە[22]. بۆیە ئەمە ئەوە دەردەخات کە یەکەمین هەنگاوی (عەقڵانییەت) لای مرۆڤی کورد، لە مامەڵەی وردی لەگەڵ سروشت و جەستەی ئاژەڵەوە دەستی پێ کردووە.

هەروەها وشەی (توێژینەوە Research) کە ئەمڕۆ زاراوەیەکی بنەڕەتی نێو کایەی زانستی و ئەکادیمییە، لە (توێژ توێژکردنی زەوی و گەڕان بۆ سەرچاوەی ئاو)ەوە هاتووە[23]. لێرەدا (توێژەر) وەک ئەو (جوتیار-جوگرافیناسە) وایە کە بلۆخ ستایشی دەکات، ئەو کەسەی کە: "هەستێکی پاکی دەربارەی هەزارەها بەستەر هەیە کە مرۆڤی نێو کێڵگە (جوتیار) بە سروشتەوە دەبەستێتەوە."[24] بۆیە گەڕان بەدوای ڕاستیدا لە عەقڵی کوردیدا، هاوشێوەی گەڕانە بەدوای ئاو لەناو قووڵاییەکانی زەویدا. ئەمە ڕێک ئەو (گەڕانە بەدوای ڕاستی Search for reality)ەیە کە بلۆخ بە مەرجی سەرەکیی مێژوونووسینی دەزانی و لە تەواوی کتێبی (پیشەی مێژوونووس)یدا جەختی لەسەر دەکردەوە.

**(ڕامیاری) و (دۆخ)- دەسەڵات لە ژێر جڵەوی گونددا:**

یەکێک لە پارادۆکسە هەرە سەرنجڕاکێشەکان، چەمکی (ڕامیاری Politics)یە. لە کاتێکدا بلۆخ باس لە (دەسەڵاتی سیاسی) و (پێکهاتنی چینە کۆمەڵایەتییەکان) دەکات[25]، لە زمانی کوردیشدا (ڕامیاری) لە بنەڕەتدا بریتی بووە لە (ڕامکردن یان جڵەوکردنی وڵاخی بەرزە و سرک) و (ڕامیار)یش واتە کەسێکی ژیر و لێزان و بەتوانا کە دەتوانێت ئاژەڵی سرک و یەکەناس ڕام بکات[26]. لێرەوە ئەمە مێژوویەکی سیاسیی تایبەت دەگێڕێتەوە، دەسەڵات لای کورد وەک (ڕامکردنی هێزە سرکەکان) بینراوە، چ هێزی سروشت یان هێزی مرۆیی بێت.

هەروەها وشەی (دۆخ) یان (بارودۆخ Situation)، لە (جڵەوی ئەسپ)ەوە هاتووە. (بارودۆخ) کاتێکە کە باری سەرشان و جڵەو یەک دەگرنەوە. لێرەدا، تێگەیشتنی کورد بۆ سیاسەت، تێگەیشتنێکی (ئۆرگانی- کێڵگەیی)یە، نەک تیۆرییەکی دابڕاو. ئەمە هاوتایە لەگەڵ تێبینییەکەی بلۆخ کە دەیگوت (یەکەی کێشەکان) تەنها لەناو واقیعدا مانا وەردەگرن[27].

**ڕژێمی کشتوکاڵی و مۆرفۆلۆژیای (جووت)**

بلۆخ باس لە (ڕژێمی کشتوکاڵی Agrarian Regime) وەک سیستمێکی یاسایی و نەریتی کە فشار دەخاتە سەر بەرهەمهێنەران دەکات.[28] ئەو پێی وایە ئەم ڕژێمانە چ لە سروشتیاندا و چ لە هۆکارەکانیاندا (دامەزراوەی کۆمەڵایەتین).

لە کۆمەڵی کوردەواریشـــــدا، چەمکی (جووت) بەتایبەت دوو گا یان جووتێ گا بۆ کێڵان بەکارهاتووە[29] و بنەمای ئەم ڕژێمە بووە. (جووتکردن)یش ســـــەرەڕای ئەوەی کە کارێکی تەکنیکی بووە، هاوکات دروســتکردنی هاوبەشــییەکیش بووە لە ناو زەویدا. ئەمە پەیوەسـتە بەوەی بلۆخ ناوی دەنێت (عەقڵییەتی کۆمۆنیتاری Communitarian mentality) کە لە ناو ڕژێمی (کێڵگەی کراوە Open field)دا لە باکووری فەڕەنسا بینیویەتی[30].

جا ئەگەر لە زمانی کوردی ڕابمێنین، ئەوا کۆمەڵە وشـــــەیەک هەن، کە ئەم (ڕژێمە)مان بۆ ڕوون دەکەنەوە، وەک: (ڕەنج)، کاری زەحمەتی ناو کێڵگە، کە دەبێتە بنەمای ناســـــنامەی مرۆڤی گوندنشـین. (بەرهەم و بەرەنجام)یش وشـەی بەرهەم لە (بەری هەموو)ەوە هاتووە. (بەرەنجـام Result)یش کـاتێکە کە تۆ (بەر) و (بەرهەم)ی (ئەنجـام)ی ڕەنجەکەت دەچنیتەوە[31]. دیارە لە ئاستە قووڵەکەشیدا ئەمە لۆجیکی (هۆکار و ئەنجام) لای کورد ڕوون دەکاتەوە، کە لۆجیکێکی کشتوکاڵییە. وشەی (کێشمەکێش)یش کە ئەمڕۆ بۆ ململانێی سیاسی بەکار دێت، لە ڕیشــــەدا لە (کێشــــکردنی گەنم و ڕاوەســــتان و دوودڵبوون لێی، کە دەبێتە تێکەڵوپێکەڵ و ئاڵۆزبوون)ەوە هاتووە[32].

ئەم وشــانە ئەوە دەســەلمێنن، کە بلۆخ ڕاســتی کردووە کاتێک دەیگوت: "تەکنیکەکان وەک زمان وان"، بۆیە زیادەڕەوی ناکەین ئەگەر بڵێیین زمانی کوردی مێژوویەکی (جووت و ڕەنج و خەرمان)ە کە ئەمڕۆ کراوە بە مێژوویەکی سیاسی.

**توێکاریی کێڵگە و فیسیۆلۆجیای شارستانێتی:**

دواتر بلۆخ باس لە جیاوازیی نێوان دوو جۆر ئامێری کێڵان دەکات: (لارێرL'araire و لاشاروو La charrue) ئەو پێی وایە لاشاروو دایکی کێڵگە درێژەکانە و نیشانەی جۆرێک لە (شارستانێتی کشتوکاڵی)یە[33]. بەڵام هەر خۆی لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کە نابێت تەنها بایەخ بە ئامێرەکە بدەین، بەڵکوو دەبێت لەو (یاسا کۆمەڵایەتییانە) ڕابمێنین کە لە پشت ئەم ئامێرانەوەن.

لەم ڕوانگەیەوە و لە کوردەواریدا، (تەوەر – ئەو دارە یان ئەو ئاســـنەی کە بەرهەمەکە لە دەوری دەخولێتەوە) و (خولگە- ئەو دارەکونەیە کە دەکرێتە بەشـــی ســـەرەوەی ئاش بۆ خولانەوە) و (بەرداش- بەردی ئاش، ئەو دوو بەردەی کە گەنم و جۆ ئەهاڕێ، واتە بەردی ئاش)[34] ، لەگەڵ ئەوەدا کە ئامێری ئاشـــن، هاوکات بوونەتە میتافۆری بیرکردنەوە. کاتێک دەڵێین (تەوەری باســـەکە)، ئێمە بە نائاگا دەگەڕێینەوە بۆ ئەو دارە یان ئاســـنەی کە بەرهەمەکە لە دەوری دەخولێتەوە. کاتێک دەڵێین (خولگە)، دەگەڕێینەوە بۆ ئەو پارچە دارەی کە ڕێگە بە خولانەوە دەدات. لێرەدا –پێدەچێت- لۆژیکی زانستیی کورد لە (ئاش)دا دروست بووبێت.

هەروەها وشەی (کۆسپ یان بەربەست یان ئاستەنگ Obstacle)، کە ئەمڕۆ بۆ بەربەستە کۆمەڵگەیی و مێژووییەکان بەکار دێت، لە بنەڕەتدا (بەردێک یان بەرزاییەکی بچووکە کە

دێتە بەردەم مرۆڤ) لەنـاو کێڵگە یـان ڕێگەی گونـددا. ئەمە ئەوەمـان بۆ دەردەخـات کە مێژووی کورد زیاتر مێژووی (کۆسپەکان)ە، نەک تەنها مێژووی تەختییەکان.

**چارەسەر: بەرەو چارەکردنی تراژیدیای مێژوویی**

یەکێک لە قووڵترین و گرنگترین وشـەکان بریتییە لە وشـەی (چارەسـەر Solution) ، دیارە گرنگترین بەشی جەستەی مرۆڤ، سەرە، هەرکاتێک سەر چارە و دەرمان کرا، ئیتر گرفتەکە کۆتایی هاتووە[35]. ئەمە تێگەیشتنێکی یەکجار قووڵە بۆ کۆمەڵ و مێژوو. لای کورد کێشەکان تەنها کاتێک (چارەسەر) دەبن کە سەر (ناوەندی هزر و بڕیار) چارەسەر بکرێت.

ئەمە پەیوەسـتە بەوەی بلۆخ نـاوی دەنێـت (نوێنەرایەتییە کۆمەڵایەتییەکـان Social representations) و ڕەخنە لە (ڤێبەر) دەگرێـت چونکە بـایەخی بە (وەهمی جوگرافی Geographical illusion) نەداوە، واتە ئەو شـێوەیەی کە مرۆڤەکان دەربارەی ژینگەی خۆیان بیری لێ دەکەنەوە[36]. لای بلۆخ گۆڕانکاری لە (سـەر) و (هۆشـیاری)دا لە گۆڕانکاری لە (ماددە)دا گرنگترە. چارەسـەری مێژوویی کوردیش، بە دیدی بلۆخی لە گۆڕانکاری لەو (سەر)ەدایە کە مێژووی گوندی تێدا پارێزراوە.

**لادێ و دەسەڵات لەنێوان دابڕان و بەرگریدا**

لە تێڕوانینی بلۆخدا، بە پێچەوانەی هەندێک لە مێژوونووسانەوە گوند ملکەچی شار نییە، بەڵکوو زۆرجار ئەوەیە کە بەرگری لێ دەکات و سەربەخۆیی سیمبولێتی خۆی دەپارێزێت.

ئەو پەیوەندیی نێوان دەرەبەگ و جووتیاری لە شـاکارەکەیدا (کۆمەڵگەی دەرەبەگێتی) بە پەیوەندییەکی هێزی دوولایەنە وەسـف کردووە، دەرەبەگ پێویسـتی بە بەرهەمی جووتیارە

و جووتیار پێویســتی بە پاراســتنی دەرەبەگ هەیە، بەڵام لەنێوانیاندا هەمیشــە (ناوچەیەکی خۆڵەمێشیی سەرپێچیی بێدەنگ) هەیە[37].

ئەم وەسفە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەسەر پەیوەندیی گوندە کوردنشینەکان بە دەســەڵاتە ناوەندییەکانەوە جێبەجێ دەبێت، چ عوســمانی بێت یان فارســی یان نوێ، چونکە کوردەکان لە بارێکی (نیوە ملکەچی و نیوە ســــەربەخۆیی)دا ژیاون، کاتێک ناچار بوون باجیان داوە و کاتێک هەلێکیان بۆ ڕەخسابێت هەڵگەڕاونەتەوە و ڕاپەڕیوون.

**ئەم بەرگرییە لادێییە ئایدیۆلۆجی نەبووە، بەڵکوو ســــروشـــتی بووە، واتە بەرگریکردن بووە لە شێوازی ژیان لە دژی دەسەڵاتی شار. لەبەر ئەوە شۆڕشەکانی کورد لە هەردوو سەدەی نۆزدە و بیستەمدا لە گوند و چیاکانەوە دەستیان پێکردووە، نەک لە شار.**

لەو چوارچێوەیەدا، جووڵانەوەی کوردیی هاوچەرخ دەکرێت وەک خەباتێک لەنێوان دوو کاتدا بخوێنرێتەوە: (کاتی خێرای دەوڵەتی نوێ) و (کاتی هێواشــــی گوند) کە ئەوە ڕەت دەکاتەوە بە تەواوی تێکەڵ ببێت. بەو واتایە کورد لەوەدا دەژی کە بلۆخ ناوی ناوە (کاتی دووانەییی مێژوو)، واتە ڕابردوو و ئێستا لە هەمان دیمەندا پێکەوە[38].

### خاوی مێژوویی و کێشەی نوێکردنەوە

بلۆخ پێی وابوو هەڵەیە وەک دواکەوتنێک لە خاوی گوند بڕوانرێت، چونکە کاتی هێواش لە ناخیدا حیکمەتی بەردەوامی هەڵگرتووە. لە کتێبی (پیشەی مێژوونووس)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مێژوو بە هێڵێکی ڕاست بەرەو پێشەوە ناڕوات، بەڵکوو بە ڕیتمێک هەناسە دەدات هاوشێوەی بای ناو کێڵگەکان[39].

ئەم ڕیتمە ئەوەیە کە پارادۆکسی کوردی ڕوون دەکاتەوە، لە کاتێکدا شارەکانی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ لە بواری بیناسازی و تەکنۆلۆجیادا خێرا دەڕۆن، ڕۆحی گوندنشینی هێشتا حوکمی سیاسەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات.

خێزان هێشتا لە تاک گەورەتر و عەشیرەت لە پارت کاریگەرتر و یادگە لە یاسا بەهێزترە. ئەمەش وای کردووە کۆمەڵی کوردەواری لەنێوان دوو کاتدا بژی: (کاتی زەوی) و (کاتی دەوڵەت).

ئەم دژایەتییە تایبەت نییە بە کورد بە تەنها، بەڵکوو تایبەتمەندیی هەموو کۆمەڵگەیەکی گوندنشینییە کە دەکەوێتە قۆناغی نوێبوونەوەوە، بەبێ ئەوەی بونیادە سیمبولییەکانی خۆی بگۆڕێت. بەڵام لە دۆخی کورددا، بابەتەکە ئاڵۆزترە، چونکە نوێبوونەوە زۆرجار لە دەرەوە دێت، لە دەوڵەتە ناوەندییەکانەوە کە بە زۆر سەپاندویانە، ئەمەش وایکردووە گوند زیاتر بە خاوی خۆیەوە پەیوەست بێت و بمێنێتەوە.

بەم شێوەیە خاوی لە تایبەتمەندییەکی ئابوورییەوە بۆ شێوەیەک لە شێوەکانی بەرگریی کەلتووری دەگۆڕێت، واتە (بەرگریکردن لە توانەوە) و لە (لێکچوون) و لە (لەبیرچوونەوە).

## مێژووی کورد وەک مێژوویەکی گوندنشینی

خوێندنەوەی دووبارەی مێژووی کورد لە دیدی بلۆخەوە ئەوە ئاشکرا دەکات، کە ئەم بەردەوامیی شێوازێکی کۆمەڵایەتیی کشتوکاڵییە کە سەردەمانێکی درێژ لە دابڕانی چیاکاندا ژیاوە، نەک تەنها زنجیرەیەک ڕاپەڕینی چەکداری و سیاسی.

بەهاکان کە ژیانی کوردی ئاڕاستە دەکەن – شەرەف، میوانداری، تۆڵەسەندنەوە، ئارامگری، پەیوەندی بە زەوییەوە – هەموویان بەهایەکی گوندنشینین بە پلەی یەکەم.

پەیوەندییەکانی نێوان (مرۆڤ و سروشت)، (خێڵ و دەسەڵات)، (ئەفسانە و واقع)، تۆڕێک لە واتاکان پێک دەهێنن، کە تەنها لەناو لۆژیکی گوندا دەتوانین لێی تێبگەین نەک لە لۆژیکی دەوڵەتی نوێدا. بەو واتایە، دەتوانین بڵێین **کوردەکان سەرەڕای ئەوەی (گەلێکی بێ دەوڵەت)ن، هاوکات (گەلێکن کە گوندیان بەجێنەهێشتووە) واتە هێشتا لە گوندا دەژین و گوندیش لەواندا بە زیندوویی ماوەتەوە، بەم شێوەیە لەناو مێژووی ماوەدرێژدا دەژین، کە - بلۆخ باسی لێوە کردووە – ئەویش مێژووی بونیادە نەک ڕووداو، بەردەوامییە نەک پچڕان.**

## لادێ وەک یادگەیەکی فەلسەفی

ڕەنگە خوێنەر پرسیار بکات: بۆچی بلۆخ پێداگرە لەسەر ئەوەی گوند کلیلی تێگەیشتن لە مێژوو بێت؟ وەڵامەکە، وەک لە کتێبی (پیشەی مێژوونووس)دا ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوەیە کە مێژوو لە شارەکاندا یادگەی خۆی بە خێرایی لەدەست دەدات، لە کاتێکدا لە گوندەکاندا ڕابردوو لە هەموو بەردێک و ناو و نەریتێکدا دەمێنێتەوە[40].

گوند بە دیدی ئەو، ئەو شوێنەیە کە کات تێیدا چڕ دەبێتەوە، لەوێ سێ ڕەهەندەکەی کات – ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو - لە یەک ئەزموونداا تێکەڵ دەبن[41]. لەمەوە دەکرێت بڵێین توێژینەوە لە گوندنشینی هەر زانستێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو ڕاهێنانێکی فەلسەفیشە لەسەر تێگەیشتن لە مرۆڤ لە ناوەڕۆکی ئۆرگانی خۆیدا، کە بە سروشت و یادگە و زمانەوە بەستراوەتەوە.

لە دۆخی کورددا، ئەم ڕەهەندە فەلسەفییە بە ڕوونی دەردەکەوێت، **گوند سیستەمێکی واتای تەواوە. جووتیاری کورد لەگەڵ کێڵانی زەویدا، (چاودێریی کات)یش دەکات، چونکە زەوی لای ئەو سەرچاوەی بژێوی نییە، بەڵکوو بوونەوەرێکی ڕۆحییە کە پەیوەندییەکی**

**خزمایەتیی سیمبولیی پێوەی هەیە. ئەمەش چرپی ئەو وشانە ڕوون دەکاتەوە کە (زەوی بە دایک)، (باران بە ڕەحمەت) و (چیاکان بە پەناگە) دەچوێنن.**

**بەرەو مێژوویەکی کوردی بە دیدی بلۆخەوە**

هزری بلۆخ ئاسۆیەکی نوێمان بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگە ناپیشەسازییەکان، وەک کۆمەڵی کوردەواری بەدوور لە چەمکەکانی دەوڵەت و نەتەوە و نوێبوونەوە، دەکاتەوە.

**لە دیدی مێژووی گوندنشینییەوە، تراژیدیای کوردی دەکرێت نەک وەک شکستێکی سیاسی، بەڵکوو وەک ئەنجامێکی سروشتی بۆ ناکۆکیی دوو ڕیتم تێبگەین: ڕیتمی دەوڵەتی نوێ کە خێرایی و یەکجۆری دەوێت و ڕیتمی گوندنشینی کوردی کە لەسەر خاوی و فرەچەشنی و یادگە دەژیت.** کورد، بەو واتایە، لە دەرەوەی مێژوو نییە، بەڵکوو لەناو مێژوویەکی دیکەدایە، مێژوویەکی خاو و ماوەدرێژ، کە بە کێڵان نەک بە یاساکان و بە ئەفسانە نەک بە پەرلەمان دەنووسرێتەوە.

بەم شێوەیە، دەکرێت بڵێین خوێندنەوەی مێژووی کورد بە میتۆدی مارک بلۆخ بەهای هزریی خۆی هەیە، چونکە لە چێوەی (پەراوێزی سیاسی) دەری دەهێنێت و دەیخاتە (ناوەندی ئەنترۆپۆلۆجی)ەوە. واتە گوندنشینی کورد پاشماوەیەکی ڕابردوو نییە، بەڵکوو ئێستایەکی بەردەوامە، ئەو کاتەیە کە هێشتا شکستی نەهێناوە و ئەو یادەوەرییەیە کە مرۆڤ لەوە دەپارێزێت ڕیشەکانی لەدەست بدات.

کاتێک لەمە تێدەگەین، لەوەش تێدەگەین کە گوندنشینی قۆناغێک نییە کە دەبێت تێپەڕێنرێت، بەڵکوو یادگەیەکە دەبێت گوێی لێ بگیرێت. ڕەنگە لە بێدەنگیی گوندە کوردنشینەکاندا، وەک لە بێدەنگیی کێڵگە فەڕەنسییەکاندا کە بلۆخ دەربارەی نووسی، وەڵامی پرسیارێکی نەمری وەک: چۆن مرۆڤ لە لەبیرچوونەوە ڕزگاری دەبێت؟ هەبێت.

**ئەنجامەکان:**

لە ئەنجــامی بەکــارهێنــانی میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی مــارک بلۆخ بۆ مێژووی گوندنشینیی کوردی، گەیشتینە ئەم خاڵانە:

1. مێژووی ڕاستەقینەی کورد لە ناو (کێڵگە) و (جووت) و (خەرمان)دایە. جوتیاری کورد سەرەڕای زەوی کێڵان بەشێوەیەکی (مۆرفۆلۆجی) مێژووی نووسیوەتەوە و بەردەوامیی بە شوناس داوە، ئەمە لەکاتێکدا میر و سەرۆکەکان نەیانتوانیوە بیپارێزن.

2. کۆمەڵی کوردەواری لە نێوان دوو کاتدا دەژی: (کاتی خێرای دەوڵەت) کە هەوڵی سـەپاندنی مۆدێرنێتە دەدات و (کاتی هێواشــی گوند) کە ڕیتمێکی سـروشـتی و ماوەدرێژە. بەرگریی کورد لە جەوهەریدا بەرگریی (کاتی زەوی)یە لە دژی (کاتی بازاڕ و سیاسەت).

3. وشـــەگەلێکی وەک (ڕامیاری، توێژینەوە، چارەســـەر) دەیســـەلمێنن کە عەقڵانییەتی کوردی ڕەگێکی کشـتوکاڵی و ئۆرگانی هەیە. واتە زمانی کوردی ئەرشـیفێکی جیۆلۆجییە کە مێژووی پەیوەندیی مرۆڤی بە خاکەوە تێدا نووسراوەتەوە.

4. لە دیدێکی بلۆخییانەوە، گوندی کوردەواری شـوێنی هاوئاهەنگییە لەگەڵ سـروشـت. سـوڕی کشـتوکاڵ (مردن و زیندووبوونەوە) وای کردووە (ئەفسـانەی شـاراوە و بیروباوەڕ) ببێتە بڕبڕەی پشـــتی هۆشـــیـاریی کورد، ئەمەش وای کردووە مێژووی کورد مێژووی (بەرگری) بێت نەک تەنیا مێژووی (ژێردەستەیی).

5. ناوی چیا و ناوچەکان (وەک هەورامان، ئاتەشـگا، کەنگاوەر) بەڵگەنامەی بێدەنگن، کە (ڕاســـتی مێژوویی) دەپارێزن. ئەم ســـێمانتیکایە دەیســـەلمێنێت کە کورد گەلێکە (گوندی بەجێنەهێشــتووە)، تەنانەت کاتێک لە ناو شــارەکانیشــدا دەژی، ڕۆحی گوندنشــینی وەک بونیادێکی دەروونی حوکمی دەکات.

6. ئامێرە سادەکانی وەک (ئاش، جووت، تەوەر) سەرەڕای ئەوەی لای کورد کەرەستە بوون، هاوکات بوونەتە میتافۆری بیرکردنەوەی زانستی و فەلسەفی، کە تێیدا (چارەسەر) و (ناوەندی بڕیار) لەناو واقیعی کێڵگەوە سەرچاوەی گرتووە.

## پەراوێزەکان

[1] ) Marc Bloch, French Rural History: An Essay on its Basic Characteristics, trans. Janet Sondheimer (London: Routledge, 2015), P p xxiii -xxx.

[2] ) Susan W. Friedman, Marc Bloch, Sociology and Geography: Encountering Changing Disciplines (Cambridge: Cambridge University Press, 1996), p 135.

[3] ) Fernand Braudel, On History, trans. Sarah Matthews (Chicago: University of Chicago Press, 1980), p 25.

[4] ) Marc Bloch, The Historian's Craft, trans. Peter Putman (Manchester: Manchester University Press, 1992), P p 32-36.

[5]) بڕوانە: کامەران محەمەد: مێژووی چیانشینیی: خوێندنەوەیەکی برودێلییانە بۆ دیالێکتیکی جوگرافیا و مێژوو لە کوردستاندا، گۆڤاری مێژووناسی، ژمارە: 11، ساڵی سێیەم، 2025، ل 90 و دواتر.

[6]) عەبدوڵڵا غەفوور:جوگرافیای کوردستان، چاپی پێنجەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨)، ل 243.

[7] ) Susan W. Friedman, Marc Bloch, Sociology and Geography: Encountering Changing Disciplines, p 137.

[8]) بڕوانە: Bloch, Marc. Feudal Society, Translated by L.A. Manyon. 2nd ed. 2 vols. London: Routledge & Kegan Paul, 1965.

[9]) بڕوانـــە: Marc Bloch, French Rural History: An Essay on its Basic Characteristics

[10] ) Marc Bloch, The Historian's Craft, P 23.

[11]) ئاغا و شـــێخ و دەوڵەت، وەرگێڕان: کوردۆ عەلی، دەزگای چاپ و پەخشـــی ســـەردەم، بەرکی یەکەم، چاپی چوارەم، سلێمانی، 2003، ل 85 و دواتر.

[12] ) FernandBraudel: The Mediterranean and the Mediterranean world in the age of Fhillip II, t: Sianreynolds, Vol 1,U.S.A, 1st printing,1995, P p 25-50.

[13] ) Bloch, Marc. Feudal Society, vols 2, p 88.

[14] ) Bloch, Marc. Feudal Society, vols 2, P p 88 89.

[15] ) Bloch, Marc. Feudal Society, vols 2, P p 88 – 92.

[16]) Bloch, Marc. Feudal Society, vols 2, P p 88-92.

[17]) Bloch, Marc. Feudal Society, vols 2, P p 88-92.

[18]) عەبدولحەمید حوسەینی: بەیتی دمدم، بنکەی مەلا ئاوارە، ئەورپا، 1981.

[19] ) Marc Bloch, The Historian's Craft.

[20] ) Susan W. Friedman, Marc Bloch, Sociology and Geography: Encountering Changing Disciplines, p 145.

[21] ) Susan W. Friedman, Marc Bloch, Sociology and Geography: Encountering Changing Disciplines, p 135.

[22]) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەختیاری مام حەمید، لە ڕۆژی (2025/12/3)، لە سلێمانی.

[23]) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەختیاری مام حەمید، لە ڕۆژی (2025/12/3)، لە سلێمانی.

[24] ) Susan W. Friedman, Marc Bloch, Sociology and Geography: Encountering Changing Disciplines, p 140.

[25] ) Susan W. Friedman, Marc Bloch, Sociology and Geography: Encountering Changing Disciplines, p 137.

[26]) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەختیاری مام حەمید، لە ڕۆژی (2025/12/3)، لە سلێمانی.

[27] ) Susan W. Friedman, Marc Bloch, Sociology and Geography: Encountering Changing Disciplines, p 140.

[28] ) Susan W. Friedman, Marc Bloch, Sociology and Geography: Encountering Changing Disciplines, Pp 144-145.

[29]) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەختیاری مام حەمید، لە ڕۆژی (2025/12/3)، لە سلێمانی.

[30] ) Susan W. Friedman, Marc Bloch, Sociology and Geography: Encountering Changing Disciplines, p 146

[31]) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەختیاری مام حەمید، لە ڕۆژی (2025/12/3)، لە سلێمانی.

[32]) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ  بەختیاری مام حەمید، لە ڕۆژی (2025/12/3)، لە سلێمانی.

[33] ) Susan W. Friedman, Marc Bloch, Sociology and Geography: Encountering Changing Disciplines, p 146.

[34]) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ  بەختیاری مام حەمید، لە ڕۆژی (2025/12/3)، لە سلێمانی.

[35]) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ  بەختیاری مام حەمید، لە ڕۆژی (2025/12/3)، لە سلێمانی.

[36] ) Susan W. Friedman, Marc Bloch, Sociology and Geography: Encountering Changing Disciplines, p 136.

[37] ) Bloch, Marc. Feudal Society, vols 2, p 145.

[38] ) Marc Bloch, The Historian's Craft, Pp 29-36.

[39] ) Marc Bloch, The Historian's Craft, Pp 29-36.

[40] ) Marc Bloch, The Historian's Craft, Pp 29-36.

[41] ) Marc Bloch, The Historian's Craft, Pp 29-36.

## سەرچاوەکان

سەرچاوکان بە زمانی کوردی


1) عەبدولحەمید حوسەینی: بەیتی دمدم، بنکەی مەلا ئاوارە، ئەوروپا، 1981.

2) عەبدوڵڵا غەفوور: جوگرافیای کوردستان، چاپی پێنجەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2008).

3) کامەران محەمەد: مێژووی چیانشــینیی: خوێندنەوەیەکی برودێلییانە بۆ دیالێکتیکی جوگرافیا و مێژوو لە کوردستاندا، گۆڤاری مێژووناسی، ژمارە: 11، ساڵی سێیەم، 2025.

4) مارتین ڤان برۆنەســـن: ئاغا و شـــێخ و دەوڵەت، وەرگێڕان: کوردۆ عەلی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، بەرگی یەکەم، چاپی چوارەم، سلێمانی، 2003.


سەرچاوکان بە زمانی ئینگلیزی


5) Fernand Braudel, On History, trans. Sarah Matthews (Chicago: University of Chicago Press, 1980).

6) FernandBraudel, The Mediterranean and the Mediterranean world in the age of Fhillip II, t: Sianreynolds, Vol 1,U.S.A, 1st printing,1995.

7) Marc Bloch, Feudal Society, Translated by L.A. Manyon. 2nd ed. 2 vols. London: Routledge & Kegan Paul, 1965.

8) Marc Bloch, French Rural History: An Essay on its Basic Characteristics, trans. Janet Sondheimer (London: Routledge, 2015.

9) Marc Bloch, The Historian's Craft, trans. Peter Putman (Manchester: Manchester University Press, 1992).

10)Susan W. Friedman, Marc Bloch, Sociology and Geography: Encountering Changing Disciplines (Cambridge: Cambridge University Press, 1996).

چاوپێکەوتن

11)چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەختیاری مام حەمید، لە ڕۆژی (2025/12/3)، لە سلێمانی.

تێبینی: ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری مێژووناسی، ژمارە (12)،ساڵی سێیەم، هەولێر، پایزی 2025 دا بڵاوکراوەتەوە.